www.kurdistannet.org
31/03/2002 00:17

# غەریبی

## شیعری: خالید مەجید فەرەج

بەخێرهاتی ئەی هەوری خەم بۆ سەر کێڵگەی وێرانی من
زۆر دەمێکە دەڵێم خوایە، کـــــەی دەبێتە میوانی من..؟

ئەمن ئێستا دەستە و نەزەر، لەبەر قاپی تۆ وەستام
دەڵێم بەشکم لەگەڵ خۆتا، هەڵم بگری هەتـــا ماوم

بەسەر دنیای بەرینی پڕ لە ئاشوب و کێشە و ئەوین
بڕۆی تا ئەو نیشتمانەی سەردەمێکە، لێی نەمـــاوم

دەستم بگرە و خێرا بڕۆ، دەخیلت بم هیچ نەوەستی
تا ببینین خۆشەویســـتان، من وەك خۆمم نەگۆڕاوم

لەبەر دەرگای هەموو ماڵێك لە جێ شوێنی هەر یادگارێك
تێر بووەستم بۆنیان بکەم، بەســــەریانا بگری چاووم

ئێوە نەبن منیش نابم، هەموو دونیاش چراخان بی
هەواری من هەر تاریکە و ڕۆشن نابی دڵ و چاووم

بلچیکا- لیوڤن پایزی ١٩٩٦

* ئاواز ووتنی: حەمە ڕەووف کەرکوکی

©Kurdistan Nêt